کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:49 16-12-2007

**دابینکردنی نان و ئازادی بۆ رۆژنامەنوسان؟! ... پەیمان عزەدین**

جارێکی تر پارلەمانی کوردستان دەمانخاتەوە بەردەم کۆمەڵێك نیشانەی پرسیارو گومانەکانمان لەپارلەمان و تەواوی دام و دەزگا فەرمییەکان توێخ دەکاتەوە. دەنگدانی پارلەمانی کوردستان لەسەر پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەگەری لەکوردستاندا بەتەواوی پارلەمانی خستە بەرەی داکۆکیکردن لە سنوردارکردنی ئازادی و خنکاندنی دیموکراسیەت.

پارلەمانی کوردستان کە باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانەو بنەما یاساییەکان لەوێوە دادەبەزێت دەنگی لەسەر پرۆژەیەك دا کە پڕاوپڕە لە دووفاقیی و لاستیکیی و نادیاری، پارلەمان کە خۆی بە زادەی ئازادی دەزانێت، بەم دەنگدانەی دەستی خستە بینەقاقای ئازادی رۆژنامەگەرییەوە کە یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دیموکراسیەت، هەموو ئەم دووفاقیی و دژ بەیەکیانەش دەمانخاتە بەردەم پرسیارگەلێکەوە، ئەبێ پارلەمانتارانی کوردستان نوێنەری کێ بن؟ تۆ بڵێی دڵسۆزییان بۆ حزبەکانیان لە سەرو دڵسۆزییانەوە بێت بۆ هاوڵاتیان و هاونیشتمانانیان؟

ئەگەر وایە، هەق نییە ئێمە بانگەشە بۆ دەزگایەکی دیموکراسی وەك پارلەمان بکەین، کە هیچ لە ناوەڕۆك و ئەرکەکانی ئەو دەزگایە تێنەگەیشتبین، خۆ ئەگەر بەدیوێکی تریشدا سەیری یاسای رۆژنامەگەری بکەین، هەموو لەگەڵ ئەوەداین کە ناوزراندن و تۆمەت دروستکردنی دوور لە راستی شیاوی سنوردارکردنە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە زۆربەی بابەتە رۆژنامەوانییەکان دەچنە ناو چوارچێوەی ناو زراندن جگەلەوەی کە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێك لەسەر خۆپیشاندان و نارەزاییەتییەکان مەحکوم دەکرێت و سزای توندیش بۆ ئەو رۆژنامەنوس و رۆژنامەیە دانراوە کە بابەتێکی لەو جۆرە بڵاودەکاتەوە.

کە دەکرا لەبری خۆهیلاککردن و ماندوبونێکی زۆری پارلەمانی کوردستان، بەراشکاوی ئەو پرۆژەیەی رەتبکردایەتەوەو بەیەك رستە ئاماژەی بۆ ئەوە بکردایە کە پارلەمانی کوردستان بەپێی یاسای رۆژنامەگەری کوردستان تەنیا رێگە بەدەرچوونی رۆژنامە حزبییەکان دەدات.

بەمجۆرە خۆشی لەو دوفاقییەی کە ئێستا تێیکەوتووە بە دوور دەگرت، تەنیا رووی ئیجابی پارلەمانی کوردستان لە دانیشتنی رۆژی12/11دا کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، هەڵوێستی ئەو پارلەمانتارانەبوو کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتییان هۆڵی کۆبوونەوەیان بەجێهێشت، ئەگەرچی نارەزاییەتی ئەوانیش هیچی لە ڕای پارلەمان نەگۆڕی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.